ساریژ نەبووە،بەئازارە.
مۆڵەتم دەن!
با بە هەتوانی هۆنراوەم
برینی سوتماکی زەوی تیماربکەم
سەرنج بدەن ! بانگەوازە ،
ناڵەم (ناڵەی جودایی) یە
گوێم لەشیعر و لەئاوازە.
لەگەڵ (تاریك وروناك)دا
پۆلێ وشەی تورەتورەی مامە(هێمن)
(سروە)ی بەیانی دەیهێنێ .
کێ لەم پەیڤە حاڵی نابێت ؟!
کاتێ مرۆڤ، ئاوارە بوو
دەبێ دیدی فرەوان بێ
ورد ترین تاوان ببینێ .
کەماف وئابڕو وئاواتی پێشێلکران،
دەبێ بە لوتکەی هەستەوە
ناڵەی.. بەردیش بهەژێنێ.

★ ★ ★



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەری ڕووناکی هەتاووئاسمان دەگریٚ،

چەند زەرنەقوتەی نەرم ونۆلٚ...

لەهیٚلانەی گەرم وگوڕدا،دەخنکیٚنیٚ.

بە بەرچاوی هەمووانەوە ،

چۆلەکەیەکی بەهەلٚویٚست ،

ئەو سنووری بیٚدەنگییە دەشکیٚنیٚ.

دەچیتە سەرسوپای دوژمن،

لەسەرسەری فەرماندەوە،

دیٚت ودەچیٚت،

بە ڕقەوە دەجریویٚنیٚ.

★ ★ ★

دەگیٚڕنەوە..

لەگوندیٚکی ویٚران کراو،لەگەڕکیٚ.

لەپالٚ کەلاوە روخاویٚ ،دیٚلٚە سەگیٚ.

لەژیٚر کۆلیتە رماویٚ ،سەر دەردیٚنیٚ.

گووجیلە شیر مژەکانی ،

لەژیٚر زنجیر دا دەبینیٚ.

بەبەر چاوی چەندجاشەوە ،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**ماموٚستا بوو.**

**چەند ساڵێك بەر لەشەهید بوون**

**لەمزگەوتەکەی ( کلێسە ) ماموٚستا بوو.**

**خوٚ ئەو ئینجانەی گڵ نەبوو**

**تەژی تەژی لەدلێری وئازایەتی .**

**له خوٚشەویستی هەژاران ،**

**له عیلم وله کوردایەتی.**

**ئەو خوٚی (تفسیری قورئان) و**

**راڤـەی کتێبی پیروٚز و**

**چیروٚکی پێغەمبەرانی**

**سوره تی ( أنبیا ) و (هود) بوو .**

**بەڵێ بەڵێ ناسیمەوە...**

**وێنەی کەللەی هاورێکەم بوو**

**کت ومت ( مەلا محمود) بوو.**

## وێنەی دووەم :

**پێشتر له قوتابخانەی شوٚرشدا**

**چرایەك بوو داگیرسابوو.**

**لەدوای ئەنفال کش ومات و حەپەسابوو.**

**تەماشاکەن !**

**لەلێواری چالێکدایە .**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(دۆڵەڕەقە)پاش نیوەشەو،

مێوانخانەی کۆچەریان بوو.

رۆژی دووەم، سێیەم،چوارە م،

لە هەڵ کردنەوەی کلاّفەی ئەو رێڕەوە،

چەند تازە سوار، لە رێ گلان.

چوار وەرزەی ساڵ هاتنە رێمان

(بەهار، هاوین، پایز، زستان).

سوارو پیادە، کەس نەبەزی.

تاسنوری(قەندیل) بەزی.

لە(شێخ ئایش)لەنێوانی رووباروشاخ،

هاواریان کرد:

رێبوار وریابە نەخزی.

پاش چەند قۆناغ،

لە دیوو نسێ ،

کۆچ لە خێوەتگا دابەزی.

دواهەواری پشودانە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شیعری منالاَن

## کەروێشك

کەروێشکێ ڕۆژێ لەرۆژان.
بۆئاو ڕۆیی بۆ دارسـتان.
کانی لەبن داره سێوێ بوو.
داره سێو، لەپـاڵ کێوێ بوو.
کاتێ دەمی نایـــه ناو ئاو.
سـێوێ کەوته خوارلەناکاو.
کەروێشکه، ڕاپەڕی ،هەلاٌت.
بێ ئەوەی سێوه بەدی کات.
ڕاکردنێ ، وەکو با وا.
وارای ناکرد لەکات ڕاوا.
لەناکاو دا ، ڕێوی فێڵباز.
هاته سەر ڕێ ی بەقەڵەمباز.
پرسی ئەوەبۆ ڕادەکەی ؟
لەترسی چی هەرادەکەی؟



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

